# میتافۆر(١) لایەنێکی تاریکی فەلسەفەی زمان

**لە ئینگلیزییەوە: مستەفا غەفوور**

## ڕوانگەی گشتی

دیاردەی میتافۆر زۆر لەوە بەرفراوانترە کە فەیلەسووفان باسیان کردووە، ئەمەش دوو پرسیار دێنێتە ئاراوە: یەکەم مانای میتافۆریی چییە؟ دووەم گوێگر چۆن پەی بە ماناکەی دەبات کاتێک دەیبیستێ، یان دەیخوێنێتەوە؟

زۆربەی تیورییەکان تاڕادەیەک میتافۆر بە هاوشێوەی هێندێک شت، یان وێچواندنی چەند حاڵەتێک دادەنێن. دوناڵد داڤیتسۆن دەڵێ، ئەم وێچواندنە (مەبەست خستنەبری وتەیەکە بە وتەیەکی تر) حاڵەتێکی هۆکارییە، بێ هیچ ڕێبازێکی زمانناسی، هەر بە بیستنی میتافۆر، تێدەگەین وێچواندنێک لە ئارادایە دەبێ بە دوایدا بگەڕێین، تیوریی سەرەتایی وێچواندن ڕێک پێچەوانەی ئەم ڕەوتەیە، میتافۆرەکان کورتکراوەی بەراوردێکی وشەیی سادەن، وێدەچێ هەردوو ڕوانگەکە ناتەواو بن، لەلایەک بە پێی تیوری وێکچوونی هێمایی (Figurative Simile Theory)، میتافۆرەکان کورتەی وێچواندنی هێمایی خۆیانن، ئەم تیورییە وەڵامی سێ ڕەخنەی سەرەکی تیوری سەرەتایی وێچواندن دەداتەوە.

سیرل وەک ماناکردنەوەی ئاخێوەر مامەڵە لەگەڵ مانای میتافۆری دەکات، کە ئەویش مانا دەگوازێتەوە و سوود لە ئامرازەکانی گریس وەردەگرێ بۆ ڕوونکردنەوەی میتافۆر لە ڕێگەی ئەو هێزە ناڕاستەوخۆیانەی بەکاری هێناون، ئەمەش تا ڕادەیەک گونجاوە و هەڵەچنی بۆچوونەکانی داڤیتسۆن دەکات سەبارەت بە مانای میتافۆریی، بەڵام لە دواییدا دەکەوێتە بەر ڕەخنەی تر.

گەلێک تیوری میتافۆری تر لەسەر ئەم دیاردەیە داڕێژراون کە گرینگی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەو تیورییانە لەسەر جیاوازی پێوانەیی تاک تاکی ئەو وشانە داڕێژراون کە تایبەت بە کۆمەڵەیەکی جیاواز، بەڵام لە مانادا هاوپێوەندن.

## ئاراستەی فەلسەفی

فەیلەسووفان وەک مانای وشەیی سەیری زمان دەکەن. بابەتەکانی پێشوو (مەبەست لێکدانەوەکانی ویلیام لایکانە لە کتێبی فەلسەفەی زماندا) جەخت لەسەر دەلالەتی وشەیی و مانای وشەیی دەکەنەوە، تەنانەت تاووتوکردنی پاڵنەری ناڕاستەوخۆ و ناواخنی ئاخاوتن، وەک ئەو مانایەی ئاخێوەر بە هۆی چەند میکانیزمێکی ڕاستەوخۆ لە مانای وشەیی ڕستە وەری دەگرێت، ئەو دیاردەیە لەبەرچاو دەگرن.

ئاراستەکە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ستانداری فەلسەفییە، فەیلەسوفان بڕوایان وایە، وتەی وشەیی گریانە و دەربڕینێکی میتافۆری و جارجارە لە لایەن شاعیران و ئەکتەرانەوە دەخرێتە ڕوو، بەڵام ئاراستەکە

تەنیا یەک ئاراستەیە: زۆرجار ڕستەکان بە مانایەکی جیاواز لە مانایی وشەیی، لە دەقێکی ئاساییدا بەکاردەبرێن، ڕاستییەکەی گەلێک ڕستە لەلایەن مرۆڤەوە بەرهەم دێن کە کەرەستەی گرینگی هێمایی، یان میتافۆرین، هەر کەرەستەیەک لانی کەم بەشێکی میتافۆر لەخۆدەگرێ، یان دەبینین زۆرجار ڕۆژانە کەسانێک وشەی ئاست (level) بەسەر زاریاندا تێدەپەڕێ، ئاست لایەنێکی میتافۆری هەیە، ئاستی خوێندن، ئاستی هەستیاری، ئاستی تێچوو و...تاد، تەنیا کاتێک بە مانای ڕواڵەتی خۆی بەکاردەبرێ کە ئاخێوەر بە شێوەیەک باسی ئاستی ئاسۆیی هێندێک بابەتی فیزیکی بکات، بەکارهێنانی نا وشەیی ڕێسایە، نەک هەڵبواردە.

پەیامی ئەو بانگەشەیەی دەڵێ: زۆربەی زۆری ڕستەکان لایەنی وێناییان هەیە، لای هەمووان پەسندکراوە، چونکە هەر کەسێک دەزانێ لە دەربڕینی وشەی ئاساییدا گەلێک میتافۆری مردوو هەیە،ئەو میتافۆرانە سەرەتا دەستەواژەی چالاکبوون بوون، گۆڕاون بۆ میتافۆر و دواتر بۆ ئیدیۆم، یان وتەی ڕۆژانە و ئێستا مانای وشەییان بووە بە مانای میتافۆریی، دەڵێین ڕووباری دەم، بەڵام لە چەرخی ئێستا دا کەس وەک خەیاڵێکی میتافۆر بیر لە دەمی مرۆڤ، یان ئاژەڵ ناکاتەوە، بەم شێوەیە وێچواندنی (وەک ئەم وەک ئەو)، بیابانی دەوڵەمەند، مایکرۆفۆنی مردوو، هەر بۆ ئەم مەبەستەش میتافۆری مردوو، گەلێک جاران، ئاست وەک: ئاستی بەرزتر، نزمتر مانایی وشەییان هەیە. ئاست (لێڤل: تەرازوو) لە ئاستی دارتاشیدا، مانای ئامراز دەگەیەنێ، ڕاستییەکەی میتافۆرێکی مردووە، چونکە هیچ وشەیەکی تر لە بری ئەو بەکارنایەت.

لەگەڵ ئەوەشدا (لاکۆف و جۆنسۆن ١٩٨٠) جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە جیاوازی نێوان میتافۆری نوێ (زیندوو) و مردوو، بە پێی ئەندازە دیاری دەکرێن نەک جۆر، میتافۆری نوێ دوای ئەوەی گشتگیر دەبن و کۆدەنگیان لەسەر دروست دەبێ، بەرەبەرە (هێندێک جار بۆ ماوەی چەند سەدەیەک) لاواز، قورس دەبن و دەمرن، لەم چەند وتەیەی پێشوودا، گەلێک مانای میتافۆری و وشەییمان بەرچاو کەوت، ئایا دەتوانین بە پێی جۆر، یان پلە، مانای وشەیی و مانای میتافۆریی لێک جیا بکەینەوە؟.

ئەمانەتی کولتووریی ناچارمان دەکات، ئەم دیاردەیەی



جۆن سیرل

زمان، واتە میتافۆر تاووتو بکەین.

## بابەتەکە و دوو تیوری سادە

لێرەدا، بە پێی هێماکانی تری وتە، چەند جیاوازییەک لە پۆلێنکردنی میتافۆردا هەیە، هێندێک لە تیور داڕێژان، وشەی میتافۆر بە فراوانی بەکاردێنن، وەک بەرانبەری هەر وتەیەکی هێمایی، ئەوانی تر زۆر بە کەمی بەکاری دێنن و بە ناونانی شتێکی دیاریکراو و بەشێک لە وتەی دادەنێن، من لێرەدا هەوڵ نادەم ئەوانە بە تەواوی لێک جیابکەمەوە.

دوو پرسی سەرەکی فەلسەفی سەبارەت بە میتافۆر لە ئارادایە: یەکەم مانای میتافۆریی بە واتا فراوانەکەی، چییە؟ میکانیزمی گەیاندنی چییە، یان بە چ میکانیزمێک دەگوازرێتەوە؟ کەواتە چۆن بیسەران لە ماناکەی دەگەن، لە کاتێکدا ئەوەی دەبیسترێ تەنیا ڕستەیەکە و مانا وشەییەکەی تاڕادەیەک جیاوازە؟ ڕاستییەکەی میتافۆر لە بری دەربڕینی ڕاستەوخۆ، گەلێک پرسی فەلسەفی لەمەڕ زەینی دەربڕینی وتەیەکی میتافۆری وروژاندووە، لەوانە جیاوازی کاریگەری و هێزی میتافۆریی وەک وتەیەکی هێمایی، بە تایبەتی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، بەڵام لێرەدا پتر جەخت لەسەر پرسە زمانناسییەکان دەکەینەوە.

بۆ لێکدانەوی ئەم نموونانەی خوارەوە: سیمۆن تاوێرە/ جۆلیت ڕۆژە، نموونەی ئاڵۆزتر وەک: ئەگەر زمان لێگەڕێ سەر ڕەحەتە/ سەری ناهێشێ پەڕۆی لێدەبەستێ(٢)

ئەوەی ئەم دوو ڕستــەی ســەرەوە لە ڕســتــەی تر جیادەکاتەوە، میتافۆربوونە. بیردسلی (١٩٦٧) دوو حاڵەت دەستنیشان دەکات کە لەتەک یەکدا لە ئارادان: لەم جۆرە ڕستانەدا هێزێکی زەینی هەیە (بوونەوەر لە ڕووی وتەزاییەوە جیاوازە لە تاوێر، یان ڕۆژ، لە سەر و زمان، کە جۆرێک نین لەو شتانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ). لەگەڵ ئەوەشدا ڕستەکە نەک هەر ڕوون نییە، بگرە تاڕادەیەک ئامۆژگاری و ڕوونە، ڕەنگە هەڵگری ڕاستییەکی گرینگ بێت، تیوردارێژانی تر یەکێک لەو دوو بۆچوونەی سەرەوە بە تۆکمەیی دەردەبڕن و ڕایدەگەیەنن کاتێک لێکدانەوەی وشەیی بۆ ڕستەی میتافۆریی دەکرێ، ناتوانین تێی بگەین، یان لە باشترین حاڵەتدا ناڕوون و هەڵە ئامێزە، لە خوارەوە دەبینین ئەم بۆ چوونە هەمیشە ئاوا نییە.

## تیوری هۆکاریی داڤیتسۆن

زمانە وێناییەکان لە سەردەمی ئەقڵگەراییدا بایەخیان پێ نەدەدرا، وێ دەچێ ئەمەش بە هۆی لێکدانەوەی ئەرێنیگەرایانی (positivists’ verificationism) ئەو کاتە بووبێ، هەرچەندە ئەو جۆرە ڕستانەی وەک ١و ٢ لانی کەم دەردەکەوێ بە شێوەیەکی ئاسایی ناسەلمێنرێن، لە بەرئەوە لە ڕووی مەعریفییەوە مانادار نین، بە پێی ئەم ڕوانگەیە، شتێک بە ناوی مانای میتافۆریی بوونی نییە، ئەگەر بە هۆی مانا، مانای زمانیی دیاری بکرێ، لێرەدا تەنیا بایەخێکی سۆزداری، یان کاریگەری هەیە. (ئاشکرایە زۆر ڕستەی میتافۆریی مانای ڕاستەوخۆ، یان وشەییان هەیە، وەک: خۆی هەڵکێشا، هیچمان لەگەڵیدا نین) دۆناڵد داڤیتسۆنیش مانای میتافۆریی ڕەت دەکاتەوە و نکوڵی لە بوونی ئەو میکانیزە زمانییانە دەکات، کە گرینگی میتافۆری بەرجەستە دەکەن، بە پێچەوانەی ئەرێنیگەرایان (positivists)، ناوبراو بڕوای وایە ڕستەی هاوشێوەی ١ و ٢، مانایان هەیە، بەڵام ئەو مانایانە تەنیا مانای ڕاستەوخۆ، یان وشەیین، نەک مانای میتافۆریی. بە وتەی ناوبراو میتافۆرەکان هەمان ڕووبەری ماناییان هەیە کە وشەکان لە دەربڕینی ڕاستەوخۆیاندا دەیگەیەنن. کاتێک ڕۆمیۆ دەدوێ: تەنیا دەڵێ جوڵێت خۆرە، مەبەستەکەی زۆر لەوە زیاترە کە بە ڕستەیەکی هەڵە دابنرێ.

بە شێکی زۆری وتارەکەی داڤیتسۆن تایبەتە بە ڕەتکردنەوەی مانای میتافۆریی، ناوبراو بۆ پشتڕاست کردنەوەی بۆچوونەکەی خۆی، چەندان بەڵگە دێنێتەوە، کە دواتر ئاماژە بە دووانیان دەکەین، بەڵام ئەو ئاماژە بە لایەنێکی ئەرێنی میتافۆر دەکات، کە پتر هۆکارییە:

میتافۆر پەلکێشمان دەکات بۆ پەیبردن بە وێکچوونی دوو، یان پتر لە دوو شت، کە زۆرتر وێکچوونی نوێ و چاوەڕوان نەکراون(٣)

...، یان وێکچوون پێمان دەڵێ: ئەوەی میتافۆر دەیگەیەنێ تەنیا ئاماژەیە و بەس.(٤)

داڤیتسۆن دەیەوێ بڵێ هیچ لۆجیکێک لەوەدا نییە، زۆر کەم تێبینی دەکرێ میکانیزمێکی زمانیی وێکچوونی تێدابێ. حەبێک، یان زللەیەک(٥) دەتوانێ ئەو کارە بە گونجاوی ئەنجام بدات، بە دڵنیاییەوە کاریگەری میتافۆر شتێکی ڕێکەوت نییە، یان هۆنراوە و هێندێک بابەتی ئەدەبی تر ئەو مانایە نادەن بە دەستەوە کە میتافۆر دەیخوڵقێنێ، ئەو فاکتەرە دەروونناسییانەی ئەو کاریگەرییەیان هەیە، لە خانەی زمانناسیدا نین.

ڕوانگەی داڤیتسۆن، دەری دەخات تەنیا جیاوازییە بەرچاوەکانی نێوان ڕستەی ١ و ٢ ڕستەی بێ مانای تری وەک: ڕۆیشت پێ لە پیلاوەکەی بوو، ئەوەیە: ئەوەی لە ئارادایە کاریگەریی دەروونییە و ئەو ڕستە تێکەڵۆپێکەڵە هیچ کاریگەرییەکی نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە جیاوازییەکی زەینی لە نێوان ڕستەی ١ تا ٤ و ئەو وشە تێکەڵۆپێکەڵانەدا هەیە، ئێمە زۆر جار نەک هەر لەو ڕستانە دەگەین، بەڵکو بە شێوەی ڕاستەوخۆ ماناکانیان لێکدەینەوە، دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین: بە بیستنی ئەو وتە میتافۆرییانە پەی بە هێندێک واقیعی پراکتیکی دەبەین، بەهای مەعریفیی (cognitive value) لە مانای وشەیی و ڕاستەوخۆی ئەم ڕستانە دەستەبەر ناکرێ. مۆران (١٩٧٧) یەک دێنێتەوە کە مانای ڕاستەوخۆ و میتافۆریی، لە فۆرمی مەرجداری ڕستەکەدا بەیەک دەگەن، وەک: ئەگەر موزیک خۆراکی ئەوینە، بۆم بژەنە، یان ئەگەر موزیک خۆراکی عەشقە، دەڕۆم چەند دانە سێ دی دەکڕم، بابەتێکی هاوپێوەند لەگەڵ ئەم خاڵەی دوایی، ئەمەیە: ئەگەر وتەی داڤیتسۆن ڕاست بێ، نابێ هەرگیز لە لێکدانەوەی میتافۆردا بە هەڵەدا بچین، ئەگەر لە وەڵامی وتەی ڕۆمیۆ لە ڕستەی دووەمدا، کەسێک گوێی گرتبێ و بەخۆی بڵێ: ئێستا تێدەگەم! جوڵێت ڕۆمیۆی گەوجاندووە،

چونکه خـۆی زۆر گـەمـژە و دزێوە لە تیـوری هۆکـاریی داڤیـتسـۆن دا ئەمە بە دەربڕینێکی هەڵەی میـتافـۆریی وتەی ڕۆمیۆ دانانرێ، بەڵکو تەنیا بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی بنیادی زەینی ئەو کەسە لە ڕووی هۆکارییەوە جیاوازە لە بنیادی زەینی ڕۆمیۆ و ئێمە.

سەرەڕای ئەوەش، گودمان (١٩٨١) دەڵێ، داڤیتسۆن بڕوای بە حەقـیـقـەتی مـیـتـافـۆر نییـە. ئەگـەر وتەی میتافۆری تەنیا مانای ڕاستەوخۆ (وشەیی هەبێت)، ئەو هیچ شتـێکی تر نییـە هەڵگری بەهای ڕاسـتـەقینە بێ، دەشێ ئەوسا هەڵەبێ، یان جارجارە و بەڕێکەوت ڕاست بێ، بەڵام لە بیرمان نەچێ بەکاربردنی مانای ڕاستەوخۆ باو و بەربڵاوە، تەنانەت ئەگـەر مـیـتـافـۆری مـردووش لەبەرچاو نەگرین، بڕێک وتەی مرۆڤ هیچ کەرەستەیەکی مـیـتـافـۆریی تێدا نییـە. ئەگـەر وتەی مـیـتـافـۆری تا ڕادەیەکیش ڕاست بێ، ئەوە وتەکە بە دەگمەن ڕاستە.

لە کـۆتاییـدا مـۆران (١٩٧٧: ٢٦٣) تـێـبـینی کـرد: کاتێک میـتافـۆر دەمرێ، وتەی پێوەندیدار پێویستی بە مـانایەکی ڕاسـتـەوخـۆی تر هەیە و بەو پێیـە موفـرەداتی تری فـەرهەنگی وەردەگرێ، ئەمەش بەو مانایە نییـە کە ئەو میتافۆرانە هیچ جۆرە مانایەکی تریان نەبووە.

هەروەها چەند بۆچوونی هاوچەرخ هەیە کـە مـانـای ڕاسـتـەوخـۆی ڕسـتـەی مـیـتافـۆریی ڕەت دەکـەنەوە، بەڵام بایەخـێکی پتـر بە پێـوەندی مـیـتافـۆریی دەدات. لەگـەڵ ئەوەشدا، بایەخدان بەم جۆرە پێوەندییە، نابێتە هۆکار بۆ پەسندکردنی تیوری پوختی هۆکاریی داڤیتسۆن.

## تیوری وێچواندنی سادە

فـەیلەسووفـان هەر لە ئەرستۆوە تێبینی پێوەندی نێوان میـتافـۆرەکـان و وێچـواندنیـان کـردووە. وادەردەکـەوێ هەم مـیـتـافـۆر و هەم وێچـواندن، بەراوردکـردنی بابەتەکـانی وتەکەبێ لەگەڵ هێندێک شتی چاوەڕواننەکراو، سیـمۆن وەک بەردە و جـۆلیت وەک ڕۆژە، لە یـەک حـالـەت، یان دوو حـاڵـەتدا، شکسـپـیـر ئیـدواردی چوارەمی بە ڕۆژ چواندبا ئەوە شـتـێکی تر دەهاتە ئاراوە، ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنێ کـە پێـوەندییـەکی نزیک هەیە لەگـەڵ ئەو بیـرۆکـەیەی دەڵێ: مـیـتـافـۆر تەنیـا کـورتکراوە و وێچـواندنە، بە شـێـوەیەکی تایبـەتی بە پێی تیـوری وێچواندنی سادە، میتافۆر لە وێچواندندا بە خستنەبری دەسـتـەبەردەکـرێ. بەم پێـیـە: ڕسـتـەی (١)کـورتکراوەی سـیـمـۆن وەک بەردە و ڕسـتـەی (٢) کـورتکراوەیە بۆ جولێت لە خۆر دەچێت. لە ڕستەی (٣) دا حاڵەتەکە تا ڕادەیەک ئاڵـۆزترە، سـەرەڕای ئەوەی دەکـرێ بکەری ڕێزمـانی وەربگـێـڕدرێ بۆ (خـەمی ئێـمـە کـە هاوشـێـوەی زسـتـانە)، بەڵام ئەوە دەگـەیەنێ کـە ئیـدواردی چوارەم بە هیچ شێوەیەک ڕاستەوخۆ ناوی نەهاتووە، پێویستە بەشی سـێـیـەم بگۆڕین بۆ هێندێک دەلالەتی وەک: x، کـە دانیـشـتـووی (یۆرک)ـە لە خـۆر دەچێت، لە ڕەوتی دەقـەکـەدا دەردەکـەوێ دەلالـەتی x مـەبەست ئیـدواردی چوارەمـە. هاوین لە ڕێگەی ڕەفـتـارەکـانی زسـتـانەوە شکۆمـەندی دەسـتـەبەر دەکـات، بەڵام بە ئەگـەری زۆر، بابەتەکـە لە نموونەی (٤) دا زۆر لەوە ئاڵـۆزترە، دواتر دەگەڕێمەوە سەری.

ئەم ڕوانگەی وێچواندنە، لەگەڵ هەردوو ئاراستـەکـەی (بیـردسلی)دا دەگـونجێ: گـرژی واتایی مـیـتـافـۆر دەخولقێنێ، هاوکات واتای میـتافۆریش شرۆڤە دەکات. بەو پێـیـەی حـاڵەتی وێچـواندن و هاوشـێـوەیی، سادە و ڕوونە، پەی پێ بردن کـارێکی ڕاست و ڕەوانە. ئاڵـۆزیی پەی پێ بردن لە گۆڕینی وێچواندن بە ئاراستەی ڕاڤەکردن (واتە ئامـرازەکـانی وێچـواندن لابدەین و ڕسـتـەکـە بە شـێـوەی گـوزارەیی لێ بکەین)، سـەرهەڵدەدات (وەک جولێت خۆرە).

لەگەڵ ئەوەشدا، گەلێک ئەدیب و فـەیلەسووف تیوری وێچـواندنی سـادەیان پەسندکـردووە، تەنانەت بە بەڵگەنەویستی دادەنێن، کەچی چەند کەمـوکوڕییـەکی هەیە، لەوانە:

**یەکـەم:** برادسلی دەڵێ: وەک من تێـبـینیم کـردبێ، تیـۆرییـەکە تەنیا خەسـڵـەتی گرژی دەستنیشـان و زۆر بە سـادەیی شرۆڤـەی دەکـات، ئەگـەر مـیـتـافـۆر تەنیـا لە وێچـواندندا چڕبکرێتـەوە، ئەوسـا دەتوانین بە سـادەیی بڵـێین هاوتای وێچـواندنە و وەک نـاڕێسـایی (anomalous) نابیسرێ و سەرسوڕمانی تێدا نییە. لەم ڕوانگەیەوە ئاڵۆزییەکە لە ڕووکاری ڕستەوە دەردەکەوێ، ئەمەش بە هەڵە دادەنرێ، گرژییـەکی تایبەتی لە ڕستەی جولێت لە ڕۆژ دەچێت دا نییـە، تەنانەت ئەگەر یەکێک بیـەوێ زۆریش لە بارەی وێچـواندنی جـولێت و خـۆرەوە بدوێ. وا هەست دەکرێ میتافۆر گرژییەکی تێگەیشتن لە خـۆدەگـرێت کـە جـەوهەری ترە وێچـواندن(داڤیـتسـۆن ١٩٧٨)، هەروەها سـیـرل (b١٩٧٩) بە تایبـەتی تاووتوی ئەم بابەتە دەکات و دەنووسێ: میـتافۆر بە هۆی مانای ناڕێسایی ڕاستەوخۆ، یان وشەیی، دێتە ئاراوە.

**دووەم:** سـیــرل لەم حـاڵەتەدا سکاڵای ئەوە دەکـات، وێچواندن بۆ لێکدانەوەی میتافۆر زۆر سوودبەخش نییە، چونکە گـەیەنەرێکی ناواخندار نیـیــە: هەردوو شت پێکەوە هاوشێوەییەکـیان هەیە(٦). لە چ ڕێگەیەکەوە جــولیێت لە خــۆر دەچێ؟! بەهۆی ئەوەی تۆپەڵەیەکی گەورەی گازە، توانەوەی نیۆکلاریی تێدایە، یان (٩٣) ملیـۆن مـیل لە زەوییـەوە دوورە. وەک سیـرل ئاماژەی پێکردووە، ئەمانە خەسڵەتی بەرچاو و ئاشکرای خۆرن، هێشـتـا تـیـوری وێچواندنی سادە ڕوونی نەکردووەتەوە بۆچی میتافۆری ڕۆمیۆ ئەو خەسڵەتانەی بە باڵای جۆلیت بریوە، بەم پێیە ئەو تیۆرییە نەیتوانیوە میـکانیـزمێک بخاتە ڕوو بایەخێکی میتافۆریی ئەوتۆی هەبێ.

**سێیەم:** کاتێک خەسڵەتە پێوەندیدارەکانی وێچواندن دەسنیشـان دەکەین، ئەمە خۆی لە خۆیدا میتافۆرە. سیرل نموونەمان دەداتێ: سالی قاڵبە سەهۆڵە. بە پێی تیوری وێچـواندنی سـادە، چۆن سـالی قـاڵبـە سـەهۆڵە؟ لەبەر ئەوەی خولَق و خۆی نییە و ساردوسڕە، بەڵام نا لە مانای ڕاستەوخـۆدا بێ خولَق و خۆیی و ساردیی، خۆیان وەک میتافۆر بەکارهاتوون. لەبەرئەوە سالی تەنیا لە هێندێک شت دەچێ ساردوسڕبێ، بەڵام لە چ ڕێگایەکەوە؟ ڕەنگە لەبەرئەوەبێ، دڵڕەق و بێ سۆز و نائەقڵانییە، بەڵام سیرل ئاماژە بە شـتێکی تر دەکـات(٧)، هیچ هەسـتێک لەوە دانییـە، قـاڵبی سـەهۆڵ، ڕەقـە، بێ سـۆزە، بێ هەسـتـە، وەک هەر بێ گیـانێکی تر. ئاگرکەوتنەوەش شتێکی بێ گیانە، بێ هەستە، بێ سۆزە، بەڵام ڕستەی سالی لە ئاگر دەچێ، یان سالی ئاگرە، لە ڕووی میـتافۆرییـەوە لەگەڵ ڕسـتـە سـەرەکـییـەکـە ناگـونجی، یان یەک ناگرێتـەوە. تیـوردارێژانی وێچـواندنی سـادە، جـەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە، کە گەلێک وێچـواندنی بنەڕەتی تر لە نێوان شـتی سـارد و بێ سـۆز دا هەیە، بەڵام ئێـمـە هیچ بەڵگەیەکمان بۆ ئەو بانگەشەیە نییـە، سیـرل لە ڕووی ڕوحـیـیـەوە پێی وایە خـەڵک واتای ساردی لە زەینی خۆیاندا تەنیا بە بێ سۆزی لێکدەدەنەوە.(٨)

ئەم ڕەخنەیەی دوایی هەمـوارکـردنێکی سـادە، بەڵام بنەڕەتییـە بۆ تیـوری وێچواندن، تا بۆچوونی سـەرەکی خۆی، واتە میتافۆر وێچواندنێکی چڕکراوە بپارێزێ، بە شێوەیەک لەگەڵ شەش ڕەخنەکەی تر ناکۆک نەبێ، ئەم تیورییـەش فۆگلین (١٩٨٨) پێناسەی کردووە و دەڵێ: مـیــتـافــۆرەکـان کـورت کـراوەن، نەک کـورتکراوەی وێچواندنی ڕاستەوخۆ، یان وشەیی، بەڵکو کورتکراوەی وێچواندنی هێمایین.

## تیوریی وێچواندنی هێمایی

وێچواندنەکان زۆرجار، وێناکانی وتەن، سالی لە ڕووی وێناکردنەوە لە قاڵبە سەهۆڵ دەچێت، لەبەر ئەوەی تەنیا لە ڕووی وێناییەوە بێ خولَق و ساردە، سیمۆن تەنیا لە ڕووی وێناکـردنەوە لە تاشـە بەردێک و جولیێت لە ڕووی وێناییــەوە لە خـۆر دەچێت، تاکـە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی نیـشـانی بدەین وێچـواندنی ڕاسـتـەوخـۆ، یان وشـەیی هاوڕێکییە (symmetric):

ئەگەر A لە ڕووی وشەییەوە هاوشێوەی B بێ، ئەوسا دەبێ B لە ڕووی فـۆرمـەوە هاوشـێـوەی A بێ، بەڵام نە قاڵبە سەهۆڵێک لە ڕووی فۆرمەوە هاوشێوەی سالی و نە تاشـە بەردێکیش هاوشـێـوەی سیـمـۆن و نە خـۆریش هاوشێوەی جولیێتە و کەسیش وەک وێچواندن پێشنیاری ئەم جۆرە بەراوردکردنە، وەک لە ڕستەی: خۆر؟ ئۆو، خۆر وەک جـولیـتـە، کـاتێک وێچـواندنەکـان ناوشـەیین کـە باشـتـرین بن، ئەوسا باشـترین داڕشتنەوەی مـیـتـافـۆرن، ئەمـەش مـانای ئەو گریمانەیە دەڵێ: مـیـتـافـۆر تـەنیـا کورتکراوی وێچواندنی وێناییە کە لە هاوشێوەی وێنایی وەرگیراوە.

ئەم سێ لایەنە ئەرێنییـە بەهایەکی ڕوون و ئاشکرایان هەیە، لە هەر حاڵەتێکدا، تیوری وێنایی، لایەنی لاوازی تـیـوری سـادە چارەسـەر دەکـات، ئەویش بە هۆی ئەو کەرەستە پێویستەی لە ئێستادا وێکچوونی تایبەتی لە ڕووی وێناییــەوە شـرۆڤـە کـردووە، بە ڕێگەدان بەو میتافۆرە وەرگیراوانەی بە ڕیز جێگایان دەگرنەوە، ئێستا کاری لێکدانەوەیی بە هۆی سروشتی وێنایی وێچواندنە بنەڕەتیــیــەکــان ئەنجـام دەدرێ، دوای ئەویش دەبێ لێکدانەوەی وێناییـان بـۆ بکرێ، ڕاسـتـیـیـەکـەی، دوو پرسیاری سەرەکی سەبارەت بە وێچواندنی وێنایی دێتە ئاراوە، کە بریتین لە: ئەو ڕسـتـانە چین مـانای وێناییـان هەیە؟ چۆن ئەو مانایە دەگوازرێتەوە بۆ بیسەر؟.

فــۆگلین کــەڵک لە بیــرۆکــەی واتای بەرچاوی شت وەردەگرێ. (ئەمانەش ئەو خەسڵەتە جیاکەرەوانەن دێنە بەردەمت و بـەلاتەوە گــرینگ دەبن). لەو ڕێگـەیەوە دەتوانێ پێـوەندی ناهاوڕێکی هاوشـێـوەیی ئەکـتـیـڤ بکات. A هاوشـێـوەی B یە ئەگـەر تەنیـا خـاوەنی خەسڵەتی تۆکمەی جیاکەرەوەی B بێ، ئەوسا پێویستە A خـاوەنی خەسڵـەتی جیاکـەرەوەی تەواوی B بێ، بێ

ئەوەی B هەڵگری هەموو خەسڵەت جیاکەرەوەکانی A بێ، کەواتە خەسڵەتی جیاکەرەوەی تایبەتی B کە لە Aدا هەیە پێویست ناکات لە A دا بەرجەستە بێ. بۆ نموونە سمۆرە، کە زۆر لە مشک دەچێت، جگە لەوەی لە لای مرۆڤ جوان و خۆشەویستە، خاوەنی زۆربەی خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی مشکە، بەڵام کەس ناڵێ مشک لە سمۆرە دەچێ.

بە پێی بۆچوونی فۆگلین، جیاوازی نێوان بەراوردکردنی وێنایی و وشەیی (یان واقیعی)، لە ئاستێکی بەرچاودایە، کە بە شێوەیەک پێچەوانە دەبێتەوە، ئەوەی فۆگلین دەیلێ لە رووی وشەییەوە راستە: چەرچل لە بۆڵدۆگ دەچوو (ئەویش مرۆڤ بوو نەک سەگ، خاوەنی دوو قاچ، دەئاخاوت بێ ئەوەی کلکە سووتە بکات، لەوە گەورەتر بوو بچێتە کونە سەگێکەوە)، کەچی هێشتا لە رووی وێناییەوە چەرچل لە بۆڵدۆگ دەچێت. لە بانککردنیدا فۆگلین دەڵێ: بە بۆڵدۆگ دەیچوێنین (وەک بەرهەڵستییەک، بەسەگی فەرەنسی دەڵێین)، لە هەمان کاتدا، لە داگیرکردنی فەزایەکی ئاوادا چەرچل خۆی بابەتێکی جیاکەرەوەی بەرچاوە، بە داخەوە فۆگلین نەچووە ناو ئەو پانتاییە جیاکەرەوەیە. من پێموایە بیرۆکەکە ئاوایە، وێچواندنی وشەیی، یان واقیعی رەت دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بیسەریش دەیسەپێنێ و ئەو وێچواندنە دەستەبەردەکرێ و لە ئێستادا خەسڵەتی جیاکەرەوە و بەرچاوی بۆڵدۆگ پشتگوێ دەخات، کە بە روونی بەراوردی وشەیی بە هەڵە دادەنێ و لەو خەسڵەتە جیاکەرەوانەوە دەگەرێ کە خەسڵەتی بەرچاوی چەرچلن. (من دڵنیا نیم ئەمانە چین: رەقی، پتەوی، توندی چییان لە بۆڵدۆگ دەچێ؟)

لەم روانگەیەوە، رستە مانای میتافۆری هەیە، کە لە رەوتی وتەدا لە مانای راستەوخۆی خۆی جیاوازە: لەبەرئەوە پەیرەوی لەوە ناکات کە هەر دەربرینێک لە رستەدا، مانای خۆی لە راستەوخۆوە گۆڕیوە بۆ مانای وێنایی، یان مانای میتافۆریی ئەفسوونی، یان تارماییە. جگە لەوە، هاوشێوەیی هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا پەیوەستە بە ستانداردی وێچواندن، پانتایی خەسڵەتی جیاکەرەوە (feature space)، دیاری دەکات کام خەسڵەتە لەگەڵ ئەوی تر هاورێک دەبێ: ستاندارد، یان پێوانەی وێچواندن وەک ریزبەندییە بە پێی فاکتەرەکانی رەوتی وتە دیاری دەکرێ و دەشێ لە رەوتێکی وتەدا پتر لە بەهایەکی هەبێ، لەبەرئەوە دەکرێ جۆرێکی رستە لە هەمان دەربریندا، لە رووی میتافۆرییەوە راست بێ و لە رووی مانای وشەیی، یان راستەوخۆوە هەڵەبێ، چونکە دوو پێوانە، یان دوو ستانداردی جیاواز وێچواندن لە ئارادایە زۆرتر وەک رستەی (مۆفی بچووکە) دەکرێ راست، یان هەڵەبێ، ئەگەر مۆفی لە رادەبەدەر بچووک بێ، ئەمە یەکێکە لە لایەنە ئەرێنییەکانی تیوری فۆگلین.

سەرەرای ئەوە لانی کەم فۆگلین رووبەرووی سێ ئاستەنگ دەبێتەوە:

**یەکەم:** دەکرێ حاڵەتەکە بەردەوام و لە رووی میتافۆرییەوە راست بێ و بە پێی وێچواندنی هاوشێوە هەڵە بێ، سیرل رستەی ریچارد گۆریلایە بە نموونە دێنێتەوە، کە تیوری وێچواندنی سادە رستەکە شی دەکاتەوە بۆ ریچارد لە گۆریلا دەچێ، گریمان ریچارد لە رووی دڕندەیی و هێرشبەرییەوە لە گۆریلا بچێ کە زۆر روون نییە، بەڵام پریماتۆلۆجیستەکان: prim-atologists (توێژەرانی رەفتاری سەرەتایی)، پێمان دەڵێن: راستییەکەی گۆریلاکان دڕندە و هێرشبەر نین، بەڵکو شەرمنن، لەوەش پتر هەستیار و زیرەکن، هەروەک بەراز کە لە زۆر رستەی میتافۆریدا بە پیس، چاوچنۆک، قەڵەو و هێندێک شتی ئاوا وێنا دەکرێ: من دەزانم هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ سەلماندنی چاوچنۆکی بەراز، یان قەڵەوی ئەگەر بە پێی هەیکەلی لەگەڵ ئاژەڵانی تر بەراورد بکرێ.

رەنگە هێندێک کەس وابزانن، فۆگلین بە ئاسانی ئەم رەخنە نوێیەی تێپەڕاندووە، چونکە کاتێک وێچواندنەکە وێنایی بێ، واقیعی نموونەی سەرەکی ئەو ئاژەڵە ناگەیەنێ، سام وەک گۆریلا رەفتار دەکات و میریل وەک بەراز دەخوات، هەردووکیان دەربرین و تێگەیشتنیان راستە، سەرەرای ئەو راستییەی کە نموونەی مەیموون بوون و بەرازبوون هەردووکیان تۆمەتی نارەوان، چونکە لە وێچواندنەکاندا، گۆریلا و بەراز خۆیان بەکارهێنانیان وێناییە نەک وشەیی، بەڵام نموونەی فۆگلین سەبارەت بە پانتایی خەسڵەتی جیاکەرەوە، پێشگریمانەی ئەوە دەکات، یان لانی کەم بە توندی پێشنیار دەکات کە چەرچیل و بۆڵدۆگ لە واقیعدا هەردووکیان ئەو خەسڵەتە جیاکەرەوەیان هەیە. بەو مانایەی لە تیوری فۆگلین دا، هێشتا میتافۆرێک دەبێ لە بەشداری وشەیی خەسڵەتە رەسەنەکان بەدەر بێ، لە نموونەکانی سیرل دا (کە نموونەکانی هەڵەن) روون نییە خەسڵەتەکان دەبێ چی

بن.

**دووەم:** بەو پێیەی زۆر ڕستە بە لێکدانەوەی وشەیی، یان میتافۆریی پێناسە دەکرێن، بۆ نموونە ئەدۆلف قەسابە، یان مارەکە خۆی لوول دا، تەنانەت کاتێک وادەردەکەوێ ڕستەیەک نارێسایە، زۆرجار وادەزانین ئەو ژینگەیەی تێدایە لە ڕووی وشەییەوە ڕاستە، هەروەک داڤیتسۆن (١٩٧٨: ٤١) دەڵێ: ئێوە بەرازن، ئەگەر ئۆدیسۆس لە تەلاری سیربس بە پیاوەکانی بڵێ، دەشێ ئەو ڕستەیە لە ڕووی مانای وشەییەوە ڕاست بێ. بە هەمان شێوە، هەرگیز ڕستەیەک نییە لە ڕێکاری خۆیدا تێگەیشتنی میتافۆری نەبێ، هەر ڕستەیەک بە مانای ڕاستەوخۆ، یان وشەیی بەکارببرێ، کەمتر هەڵگری مانای میتافۆرییە، وەک ئەرنست بزر بووە، هەر پسپۆڕێکی تیوری وێچواندن، لە ڕووی سیمانتیکییەوە ئەو ڕستەیە بە ناڕوون دادەنێ، وەک لە نێوان مانای ڕاستەوخۆ و مانای کورتکراوەی وێچواندن دا (ئەرنست لە کەسێکی بزر دەچێ)، بەدی دەکرێ، بەڵام ئەم جۆرە دەرئەنجامە گریمانەکراوانەی ناڕوونی ڕەسەنی سیمانتیکی، جێگای پەسندکردن نین.

**سێیەم:** ڕەخنەی نوێ ئەمەیە هێندێک حاڵەتی میتافۆریی وەک وێچواندن بۆ شیکردنەوە زۆر ئاڵۆزن، ڕستەی (٤) یەکێکە لەو نموونانە، مانای ڕاستەوخۆی لەمەڕ خوێنی هیچ کەسێکدا نییە و خوێنیش بە مانای وشەیی ناکوڵێ (لە کاتێکدا هێشتا لەناو جەستەدایە و لە ژێر بارودۆخی ئاسایی): بە ئەگەری زۆر خودی ڕوح بە مانای میتافۆریی بەکاردەبرێ، ئەگەرنا ڕوح ناتوانێ لە ڕووی وشەییەوە هیچ شتێک ڕەوانەی زمان بکات، بەڵام زمان مانای زمانی وشەیی ناگەیەنێ، بەڵکو بە مانای میتافۆریی بەکاردەبرێ، بەڵێن و سوێند و شتی لەو بابەتانە ڕادەستی کەس ناکرێ، واتە مامەڵەی فیزیکیان لەگەڵ ناکرێ، لەبەرئەوە زۆربەی تیوردارێژان وێچواندن لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە شتانەدا ڕووبەڕووی ئەرکێکی قورس دەبنەوە، چونکە ناچارن بۆ هەریەکێکیان هاوواتایەک بدۆزنەوە، دەتوانن ئازادبن لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە ڕەوتەی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕستەی (٣) بەکارم هێناوە. یەکەم هەنگاومان: کاتێک x کە شێوەی خوێنی مرۆڤە، هێندێک کار ئەنجام دەدات هاوشێوەی کوڵانە، چۆن y کە هاوشێوەی ڕوحی مرۆڤە، هێندێک کار ئەنجام دەدات هاوشێوەی بەڵێنە بە z، کە هاوشێوەی زمانی مرۆڤە. ئێمە زۆر ژیر نین، لێرەدا پێویستمان بە هەموارکردنە، لەبەر ئەوەی مانای میتافۆریی کوڵانی خوێن، جیاوازە لە ماددەی خوێن، چونکە خوێن شتێک نییە وەک تەختە بسووتێ، لەبەرئەوە سەیر نییە کاتێک باسی ئەو تیورییانە دەکەین، دەبینین پسپۆڕانی تیوری وێچواندن بە توندی بە نموونەی وەک ڕستەی (١) و (٢) وە دەنووسێن.

## تیوری ڕێکاریی، یان پراگماتیکی

بە پێچەوانەی تیوری هۆکاریی، تیوری وێچواندنی سادە بیرۆکەی مانای میتافۆریی هێناوەتە ئاراوە کە دەڵێ: ڕستە وێڕای مانای ڕاستەوخۆ، یان وشەیی، مانای میتافۆریشی هەیە، تەنانەت ئەگەر مانای پێشوو ناتەواو و ناپەسندیش بێ، هەروەک بینیمان، مۆدێلی فۆگلین لە ڕوانگەی وێناییەوە، بیرۆکەیەکی تۆکمەتر لە مانای میتافۆریی پشتڕاست دەکاتەوە (تەنانەت ئەگەر شیاوی دەربڕینیش نەبێ)، لە کاتێکدا مانای میتافۆریی جەوهەریتر و ڕوونترە، هەروەک پێشتر باسم کرد، داڤیتسۆن لەسەر ئاستی جیهانی لەگەڵ مانای میتافۆریی ناکۆکە، ڕاستییەکەی وادیارە سیاسەتی زەمینی سووتاو دادەڕێژێ، لەبەرئەوە پێویستە چارەسەرێک بۆ باسەکەی بدۆزینەوە. ناوبراو پێنج، یان شەش بەڵگە دەخاتە ڕوو، بەڵام من تەنیا دەرفەتی ئەوەم هەیە دووانیان تاووتو بکەم کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتەکەوە هەیە و دژ بەو تیورییانەی لێرەدا باس کراون.

**یەکەم:** هیچ زانیارییەک بۆ هەڵێنجانی مانای میتافۆریی نییە، ڕێکارێک بۆ لێکدانەوەی مانا نییە، یان گەیاندنی میتافۆریی، تاقیکردنەوەیەک نییە بۆ میتافۆر، کە چێژی میتافۆریی بەدەستەوە بدات. (٩)

**دووەم:** بە شێوەیەکی جیهانی پشتڕاست کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک میتافۆر بێ ئەوەی تێچوویان زۆر بێت، بە مانای وشەیی شرۆڤە دەکرێن، هێندێکیان لەو ڕووەوە کە کۆمەڵەی وێچواندنیان تێدا زۆرە و ناڕوون و کراوەن، هێندێکیشیان (وەک لە هۆنراوەی نوێدا بەدی دەکرێ) هەرگیز شرۆڤە ناکرێن، ئەم ڕاستییە سەرنجڕاکێشانە بە هۆی ئەم بانگەشەیە ڕێکوپێک کراون کە دەڵێ: مانای میتافۆریی بوونی نییە، بە پێی ئەم ڕوانگەیە هیچ شتێک نییە دابڕێژرێتەوە، یان بۆی دیاری بکرێ. (١٠) فۆگلین دەڵێ: تیوری وێچواندنی وێنایی بە باشی ئەو ڕاستییانە ڕوون دەکاتەوە، بەڵام داڤیتسۆن دەڵێ: ئەوەی ئێمە دەیبیستین و دەیبینین، بەگشتی لە

ئاکاردا گوزارەیە، بوونی وەک نەبوونی وایە.(١١) پتر لەوەش ئەگەر ڕستەیەک مانای میتافۆریی هەبێ، پێمانوایە بە وردی جارێکی تر دارێژراوەتەوە، تەنانەت ئەگەر دارشتنەوەکە قورس، ئاسان، ئاڵۆز، یان هەموویان بێ.

هێرشی داڤیتسۆن بۆ سەر مانای میتافۆریی وەک لە باسەکانیدا دەردەکەوێ، زێدەڕۆیی تێدایە، وەک وتم سیاسەتی زەوی سووتاو، یان توانایی سفر پەیرەو دەکات، بەڵام ڕاستییەکەی، باسە ڕەخنەئامێزەکەی لەم بیرۆکەیەدا چڕ دەکاتەوە، کە دەڵێ: دەربڕینی زمانیی لە بەکارهێنانی میتافۆریدا مانای خۆی دەگۆڕێ: ئەمەش حاڵەتێکی ناڕوونیی زمانییە، هەروەها لە خاڵێکی گرینگدا ناوبراو زۆر وریایە: بوونی ڕاستیی میتافۆریی ڕەت ناکاتەوە، تەنیا لە ڕستەدا نکوڵی لێ دەکات.(١٢) ئەمەش دەرگا بۆ ئەگەری میتودێک، یان هەڵوێستێکی نێوەنجی دەکاتەوە.

سیرل(١٣) بایەخێک بە میتافۆر دەدات کە لەگەڵ داڤیتسۆن لەمەڕ کەم بایەخی میتافۆردا یەک دەگرێتەوە، تەنانەت پتر لەوەی لە تیوری وێچواندنی سادەدا هاتووە و ڕوانگەی ناڕوونی زمانناسیی ڕەت دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی داڤیتسۆن بانگەشە بۆ ئەم بیرۆکەیە دەکات کە دەڵێ: بەڕاستی وتەی میتافۆریی پتر لەوەی هۆکاریی بێ، پێوەندییەکی زمانییە و میکانیزمێکی زەینی وەخۆ دەگرێ کە هێندێک شت لەبەرچاو دەگرێ، دەهێنێ پێی بوترێ مانای میتافۆریی.

من ڕوانگەکەی سیرل ناودەنێم تیوری پراگماتیکی، چونکە ناوبراو بە سادەیی میتافۆر بە پێوەندییەکی وتەیی (گریس)ی ناودەبات. سیرل باسێکی خستووەتە ڕوو، کە چۆن کردەی وتەی ناڕاستەوخۆ و تێگەیشتنی ئەو وتەیە ئەنجام دەدرێ. ئاخێوەر ڕستەکە بە شێوەی ڕێزمانی دەردەبڕێ، بۆ ئاماژەکردن بە پانتایی هێزی دەربڕینی ناوتەیی، بەڵام سەرەتا مانای هێندێک شت دەگەیەنێ، کە هێزێکی گەیاندنی جیاوازی هەیە، یان لانی کەم لە ڕووی خەسڵەتەوە ناواخنێکی دەربڕینی جیاوازی هەیە. سەرەتا بیسەر سوود لە لۆجیکی گریسی وەردەگرێ بۆ ئەوەی بزانێ ئاخێوەر هەوڵ دەدات هێندێک شت بگەیەنێ جیاواز لە مانای وشەیی، دواتر بیسەر بە هۆی پرەنسیپەکانی تیوری وتە – کردە (speech-act theory)، پتر سوود لە لۆجیکی گریسی وەردەگرێ و بە هۆی گریمانەی ڕوونی ڕەوتی وتەی هەردوولا هەوڵ دەدات هێز و ناواخنی دەربڕینەکە دەستەبەر بکات.

بە پێی بۆچوونی سیرل: کێشەی ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی کارکردنی میافۆر، حاڵەتێکی تایبەتە لە کێشەیەکی گشتی لێکدانەوەی: چۆن مانای ئاخێوەر و مانای وشەیی ڕستە لێک جیا دەکرێنەوە، کاری ئێمە لە دارشتنی تیوری میتافۆردا هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پرەنسیپانەی مانای وشەیی ڕستە دەگەڕێنێتەوە بۆ مانای میتافۆریی وتە.(١٤)

سیرل (تەریب لەگەڵ ئەو پرۆسەی ناوبراو داڕشتووە بۆ لێکدانەوەی وتەی ناڕاستەوخۆ) پرۆسەی لێکدانەوە دەکات بە سێ بەش:

**یەکەم:** پێویستە بیسەر سەرەتا ڕوونی بکاتەوە، ئایا سەرنج دەداتە شرۆڤەی ناوشەیی، یان نا؟.

**دووەم:** ئەگەر بڕیار بێ بیسەر بە دوای شرۆڤەی میتافۆریدا بگەڕێ، دەبێ بۆ گەیشتن بە مانای گریمانەکراوی ئاخێوەر، کۆمەڵێک پرەنسیپ، یان ڕێکار بگرێتەبەر.

**سێیەم:** پێویستە بیسەر چەند کۆمەڵە پرەنسیپ، یان ڕێکاری تر بگرێتە بەر، تا بتوانێ ئەو مانایەی دەسنیشان بکات کە لە وتەکانی ئاخێوەردا لە ناو ئەو کۆمەڵەیەدا گونجاوترە و ڕۆڵی هەیە.

(تێبینی: ئەگەر ئەو کۆمەڵە پرەنسیپەی تر نەتوانێ ئەگەری ماناکان بکات بە یەک، یان دوو، مانای ئەوەیە گەیشتووە بە میتافۆری ئاڵۆز و تێکچڕژاو).

ڕێکاری بنەڕەتیی هەنگاوی یەکەم (گریس)ییە: ئەگەر وتە بە مانای وشەیی وەربگرین، ئەوە ئاشکرایە ناتەواو دەبێ و ئەوسا مانای جیاواز سەبارەت بە وتەی ئاخێوەر بەدەستەوە دەدات. ڕستەکانی (١تا٤) هەموویان لەگەڵ ئەم شێوازە یەک دەگرنەوە، واتە هەر یەکەیان بە پێی ناڕێکی خۆی هەڵەیە (وەک سیرل دەڵێ: لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ڕستە میتافۆرییەکان درۆی گەورە، یان هەر درۆ نین). کەموکووڕی لە دەربڕینی وشەیی ڕستەی: ڕۆکی پیاوێکی واقیعییە، گەرچی کوالیتی بەخشندەیی نییە، یان شۆڕش نانخواردنی شێوان نییە، هەڵەی ئەم جۆرە ڕستانە بەهۆی لە ڕادەبەدەر سەرنجدانی ڕاستییەکەیانە، بە واتایەکی تر لە ڕادەبەدەر بایەخدانە بە ڕاستییەکان.

ڕێکاری گریس تەنیا مژار نییە بۆ یەکەم هەنگاو، هێندێک دەربڕینی میتافۆریی بە هیچ شێوەیەک کەموکووڕییان نییە، لێرەدا ئاماژەی واتایی تر هەیە، وەک ئەو باسانەی دێنە ئاراوە. سیرل چاودێری ئەوە

دەکات، کاتێک هۆنراوەیەکی ڕۆمانتیکی دەخوێنینەوە، ئێمە چاوەڕوانی میتافۆرین.(١٥) کیتی(١٦) تێبینی کردووە کە هێندێک جار وتەکە بە ئاشکرا میتافۆرە، وەک: قوربانییەکە لە لایەن دزەکانەوە بە دیوارەوە بەستراوەتەوە، ناوبراو پەی بەوە بردووە هەردوو ماناکە میتافۆر و وشەیین، بە دیوارەوە بەستراوەتەوە و... دەستەکانی شەتەک دراون.

پرەنسیپی ڕێکاری گشتی هەنگاوی دووەم، سیرل بێ سەرسوڕمان دەڵێ: میتافۆر گەڕانە بە دوای وێچواندن، یان بەراوردکردن. ناوبراو بەو پێیەی دەستەواژەی وتە چەند مانای جیاواز بەزەین دەگەیەنێ، هەشت پرەنسیپ دەخاتە بەردەست (بە هەر ڕێگایەک نامۆ بێ بۆ میتافۆر). بۆ نموونە (پرەنسیپی ٢)، مانای جیاواز (خەسڵەتێکی باش، یان بەرچاو)ی شت، یان حاڵەتێکی باسکراو دەدات بەدەستەوە، یان (پرەنسیپی ٣)، وەک لە نموونەکانی گۆریلا و بەرازدا، ئەو خەسڵەتەی مەبەستمانە، خەسڵەتێکە تەنیا هێندیک جار دەگەڕێتەوە بۆ شتەکە.

سیرل لە قۆناغی سێیەم تەنیا باسی ڕێکارێک دەکات: بۆ ئەوەی بزانین کام مانایە وێدەچێ خەسڵەتی جیاکەرەوەی ئەو شتە بێ کە لە ژێر باسدایە، جولێت نابێتە تۆپەڵەیەکی زەبەلاحی گاز، یان توانەوەیەکی گەورەی ناوکی لەخۆ بگرێ، یان دووری ٩٤ ملیۆن میل دوور، بێ گومان بیسەریش دەزانێ بە تایبەتی ئاخێوەر چ بیرۆکەیەک دەردەبڕێ.

ئەوەی دەمێنێتەوە جیاکردنەوەی میتافۆرە وەک جۆرێک پێوەندی ناڕاستەوخۆ لە جۆرەکانی تری پێوەندی، وەک ناواخندار، وتەی ئاسایی، گاڵتەجاڕیی، یان ئەوەی سیرل ناوی ناوە خەسڵەتەکانی کردەی وتەی ناڕاستەوخۆ (indirect speech acts). سیرل میتافۆر لە کردەی وتەی ناڕاستەوخۆ جیادەکاتەوە(١٧)، بە هۆی ئەوەی گوایە ئاخێوەر جگە لەوەی دەیڵێ، مەبەستی تریش دەگەیەنێ. ئەو مەبەستی وتەیەکی ئاسایی ناواخندار نییە، بەڵکو ئاشکرایە خودی وتەکە ناواخندارە، جیاوازی نێوان میتافۆر و وتەی گاڵتەجاڕی، وێدەچێ تەنیا قۆناغی دووەم و سێیەمی شرۆڤەی میتافۆریی بێ لە ڕێگەی وێچواندن، یان بەراوردکردن، لە کاتێکدا لە وتەی گاڵتەجاڕیدا جۆرێکی سادەی بەپەرچدانەوە هەیە: ئەو دەربڕینەی بە وشەیی وەردەگیرێ، لەوەدا کەموکووڕی هەیە، یان دژواتایەکی ڕاستە، یان ئاخێوەر پێیوایە پێچەوانەیە، لەبەرئەوە مژاری سروشتی وتەی ناڕاستەوخۆ، تەنیا دژواتایەکە و بەس.

داڤیتسۆن و سیرل پتر لەوەی ناکۆک بن، هاوڕان. هەردووکیان نکوڵی لەوە دەکەن کە دەربڕینی زمانیی، خاوەنی ماناگەلی تایبەتی میتافۆریی بێ، دەڵێن دەتوانین بە هۆی ئەو ئامرازانەی لە ڕەوتی سەرەکی فەلسەفەی زماندا هەن، لە میتافۆر بگەین. (فۆگلین بێ سڵکردنەوە هەردوو تیوری هۆکاری و ڕێکاری، بە هەڵەی ڕووت دادەنێ). لەگەڵ ئەوەشدا من تێ ناگەم بۆچی داڤیتسۆن لەگەڵ ڕوانگەی سیرل ناکۆکە، کە دەڵێ: ماناکانی ئاخێوەر میتافۆرین! ئەو بە پێچەوانەی ڕوانگەی سیرل دەڵێ: ئەوەی هێندێک میتافۆر دەیگەیەنن، هەرگیز گوزارەیی نین، بەڵام گەورەترین ناکۆکی لەسەر ڕێساکان، پرەنسیپەکان و میکانیزمی زەینییە، داڤیتسۆن بە توندی هەر پێشنیارێکی سیرل ڕەت دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بچووکیش بێ، کەواتە با بزانین سیرل چۆن هەردوو بۆچوونەکەی داڤیتسۆن دژ بە مانای میتافۆری، ڕەت دەکاتەوە.

داڤیتسۆن سەرەتا باسی ئەوە دەکات، کە هیچ ڕێنمایی، یان ڕێسایەک بۆ بەرهەمهێنان، یان لێکدانەوەی میتافۆرەکان لە ئارادا نییە، بەڵام ئەگەر ئیلهامی لە دەقەکە وەرگرتبێ، سیرل کۆمەڵێک ڕێسای باشی بەرهەم هێناوە، کە تا ئێرە پەسندنەکراون. داڤیتسۆن هێندێک شتی هەموار کردووە: میتافۆرێک چێژی نەبێ، پێویستی بە تاقیکردنەوە نییە. بە هەمان شێوە دان بەو خاڵەدا دەنێ، لە کاتێکدا بانگەشەی تەواوکاریی ناکات و پێشبینی ئەوە دەکات، کۆمەڵێک لە دواپرەنسیپەکان دەرئەنجامی یەکلاکەرەوە بەدەستەوە بدەن، بەڵام ئەم خولە بە چەند خاڵێک دەباتەوە.

دووەم بانگەوازی داڤیتسۆن، پەیوەست بوو بە تێکهەڵکێشی، شرۆڤە هەڵنەگریی و ناگوزارەیی بوونی میتافۆر، باسەکەی سیرل پێشبینی ئەم جۆرە بنیادەی دەکرد، هەرچەندە ڕەنگە ئەو قۆناغەی دووەم و سێیەمی ناوبراو، سەرکەوتوو نەبێ لە کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی مانای ئاخێوەر بۆ یەک، یان دووان، لەوانە شرۆڤەهەڵنەگریی. سیرل ئەوەمان پێدەبەخشێ کە ئێمە زۆرجار میتافۆر بە وردی بەکاردێنین، چونکە دەربڕینێکی وشەیی و دەستکرد لە ئارادا نییە هەمان شت بگەیەنێ، بەڵام تاووتوی ئەوە دەکات، ئەگەر هێندێک شت مانای

زمانیی هەبێ، دەکرێ لە هێندێک زمان، یان زمانێکی تردا وەک هاوکێشە دابڕێژرێ (تەنانەت ئەگەر زەحمەتیش بێ).

من لام وایە سیرل لەو خولەدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام باسەکە لەمەڕ ناگوزارەییدا قووڵترە. باسەکەی سیرل گوزارەییە لەمەڕ جەوهەری میتافۆر، چونکە تێکڕای ماناکانی ئاخێوەر گوزارەیین، واتە گەیاندنی مەبەستێکە. ئەگەر داڤیتسۆن ڕاست بکات، ئەوەی ئێمە لە میتافۆردا تێبینی دەکەین، یان دەیبینین، بە گشتی لە خەسڵەتدا گوزارەیی نییە، دواتر بە هۆی پرەنسیپی سیرلەوە کە پێشتر باسمان کرد، نەک مانای زمانیی ئاخێوەر، بەڵکو هیچ جۆرە مانایەکی زمانییش نییە.

بەگشتی، بانگەشەکەی داڤیتسۆن بەرزەفڕانە و ڕاستییەکەی هەڵەیە، هێندێک جار زۆربەی هۆنراوە و میتافۆرە ئەدەبییەکان، ئەوەندە دەوڵەمەندن، وەک ئەوەی لە گەیاندنی مەبەستدا ناگوزارەیی بن، واتە لێکدانەوەیان بۆ ناکرێ، بەڵام زۆربەی ئەو میتافۆرانەی ڕۆژانە لە لایەن خەڵکەوە بەکاردەبرێن، بە شێوەیەکی ئاسایی هۆکارین، زۆر جار بە تەواوی لە ڕەوتی دەقەکەدا شرۆڤە هەڵگرن.

گەلێک جار هەروەک سیرل دەڵێ: ئاخێوەر هێندێک مانا دەگەیەنێ، بە دڵنیاییەوە مەبەستی هێندێک شتی دیاریکراوە، گریمان هانس دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دەبینێ هەمووی شێواوە، شرۆشیتاڵی پیس لەو ناوەدا کەوتووە، مەغسەلەکە پڕە لە قاپوقاچاغی پیس و بەرماوەیان تێدا بەجێ ماوە و... هیتر و هانس سەرنجێکی هاوەڵەکەی دەدات و دەڵێ بەڕاستی تۆ بەرازی! مەبەستی ئەوەیە هاوڕێیەکەی زۆر پیس و پۆخڵە، ئێستا گریمانەی ئەوە دەکەین کاتێک هانس دەگەڕێتەوە دەبینێ هەموو شتێک ڕێکوپێک و خاوێنە، بەڵام خواردنە باشەکان نەماون و لەلایەن هاوەڵەکەیەوە خوراون، ڕەنگە ئەم جارەیان بڵێ: تۆ بەرازی! مەبەستی ئەوەیە هاوەڵەکەی نەوسنە، لەبەر ئەوە من بڕوام وایە داڤیتسۆن ئەوەندە بە دوای سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆیەوە بووە، ڕاستییەکانی مانای ئاخێوەری لەبەرچاو نەگرتووە.

لەلایەکی تر، هەر وەک داڤیتسۆن دەڵێ ئەو نووسەرانەی میتافۆری ئەدەبی و نوێ بڵاودەکەنەوە، لەوە دوورن هەمیشە سەرنج بدەنە مانای ئاخێوەر، دەشێ ماناکردنەوەی وتەی ئاخێوەر، یان مەبەستێکی تری گوزارەیی لە ئارادا نەبێ، لێکدانەوەی بۆ بکرێ، ئەمەش ڕاستە، بەڵام لە بەهای میتافۆربوون کەم ناکاتەوە، چونکە زۆرجار میتافۆرەکان خەسڵەتی نیمچە زەینیان هەیە، داڤیتسۆن پێشتر پەی پێ بردووە: لە هێندێک حاڵەتدا میتافۆر کاریگەریی لەسەر کۆمەڵەی زەینی هەیە. (لە حاڵەتە ناوەنجییەکاندا، میتافۆر چوارچێوەی هزریی جیاوازی زەینی بۆ بابەتی بەردەست دادەنێ)، ئەمەش خاڵێکی بەرچاوە دژی ڕوانگەی سیرل.

بەم شێوەیە هەریەک لە بۆچوونەکان لایەنێکی ئەرێنی سەبارەت بە ئەوی تر هەیە، من بڕوام وایە ئەم لێک نزیکییە، ئەگەری ئەفراندنی ڕوانگەیەکی ئاوێتە لە لایەنە باشەکانی تیوری هۆکاری و تیوری ڕێکاری دێنێتە ئاراوە، بەڵام من ئەمە وەک ڕاهێنانێک بۆ ئێوە جێ دەهێڵم و دوو ڕەخنەی تر لەسەر ڕوانگەی سیرل دەخەمە بەردەست:

**یەکەم:** ڕەخنەی کووپەر (١٩٨٦) و ڕەخنەی مۆران (١٩٩٧). هەردووکیان ئاماژەیان بەوە کردووە، ئەگەر مانای میتافۆریی بە سادەیی ئەو مانایە بێ ئاخێوەر دەیگەیەنێ، ئەوە دەیبەستێتەوە بە مەبەستی ئاخێوەر. کەواتە لە میتافۆری نوێدا وەک کووپەر(١٨) دەڵێ: تەنانەت مەبەستی دیاریکراوی ئاخێوەریش نامانگەیەنێتە مانای میتافۆریی. مۆرانیش دەڵێ: شرۆڤەکردنی کاریگەریی میتافۆر لەسەر بابەتی پێوەندیدار، ڕەنگە هەر شتێک لە زەینی ئاخێوەردایە پێشی بخات بۆ دەربڕین.(١٩)

**دووەم:** ڕۆس (١٩٨١) و کیتی (١٩٧٨)، پەلکێشمان دەکەن بۆ دیاردەی کۆمەڵەی میتافۆر، کە هێندێک جار بە پێوانەیی ناودەبرێ و مانا و گۆڕانی مانا دەگرێتەوە، بەڵام نە لەلایەن داڤیتسۆن و نە لە لایەن (سیرل)ـەوە ئاماژەیان پێ نەکراوە. ئەم جۆرە میتافۆرانە باو و بەربڵاون، تا ڕادەیەک لە هەر ڕستەیەکدا لە دەم دێتە دەرەوە، دێنە ئاراوە. من هەوڵ دەدەم پێتان بناسێنم، بە داخەوە ئەو تیورییانەی میتافۆر کە بەکاردەبرێن زۆر چڕ و ئاڵۆزن و لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە بەسەریان بکەمەوە.

## میتافۆر وەک پێوانە

بۆ ئەوەی برۆمە ناو پرسەکەوە، بابەتی فرەمانایی بێ سنوور (infinite polysemy) دەخەمە ڕوو کە لەلایەن وێنریش (١٩٦٦)، لایۆنز (١٩٧٧)، کۆهن (١٩٨٥) و داڤیتسۆن (١٩٨٦)، هەروەها ڕۆس و کیتی و چەند

تیورداڕێژی تر پێناسەکراوە، ئەم باسە پێوەندی بە مانای فەرهەنگییەوە هەیە، مانای وشەکان و دەستەواژە کورتەکان و پێکهاتەکانی ڕستە دەگرێتەوە نەک ڕستەی تەواو، ئەوەیە بە کردەوە هەر وشەیەک، تەنانەت هەر جێناوێک، دەشێ مانایەکی فەرهەنگی جیاواز و نوێی دیاری نەکراویان، لە بارودۆخێکی گونجاوی ڕستەکانیاندا هەبێ، ڕاستییەکەی وشەیەک پشت بە ڕەوتی دەقە سەرەکییەکە دەبەستێ و لە هەر هەلومەرجێکدا، دەتوانێ هەر مانایەک بگەیەنێ. جگە لەوە، ئەوەی زۆر سەیرە ئەمەیە: وشەکان لە ڕێگەیەکەوە ئەو مانایانە دەگەیەنن کە مانا نوێیەکان بێ هیچ گرفتێک لە لایەن هەر بیسەرێکەوە پەی پێ دەبرێ.

ئەمە هەمووی لەبەرئەوەیە، ماناکانی وشەی نوێ لە ڕەوتی ڕستەدا بەرهەم دێن، ئەویش بەهۆی میکانیزمێکی ئاڵۆز، بەڵام جێگای متمانە بە ناوی پێوانە، کە لە لایەن هەر ئاخێوەرێکەوە بە شێوەیەکی خودکار بە ئەنجام دەگات، لەبەر هەمان هۆکار، زۆر بەکەمی ئەم جۆرە جیاوازییانە لە مانای وشەدا دێتە ئاراوە، وەک ئەو ناڕوونییەی لە وشەی (بانک)دا هەیە (دارایی لەبەرانبەر تەکنیکی فڕین)، یان مرد (بۆ لە ناوچوون، یان لە دەستدان لە یاریدا بەکاردەبرێ)، ماناکانی فرەمانایی بە شێوەیەکی سیستماتیک پێوەندییان بە یەکەوە هەیە.

سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

١- لە کوردیدا: نانەکەی خوارد، تێهەڵدانی خوارد، پارەکەی خوارد، وتەکەی خواردەوە، ڕۆژووەکەی خوارد...تاد.

مانای خوارد لە هەر یەکێک لەم ڕستانەدا جیاوازە، ئەمەش بەهۆی کەمێک جیاوازی لە بەکاربردندا دروست بووە، لەبەر ئەوە ڕۆس دەڵێ: پەیبردن بە ماناکان... بە پێی بۆنە و پێکهاتەکانی ڕستە دێتە ئاراوە.

٢- پەرداخەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە، لە دەرسەکە کەوت، لە چاڵەکە کەوت، بەر دیوارەکە کەوت، بەر سزادان کەوت، بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت و... بە وتەی ڕۆس: تێبینی ئەوەی کردووە، کە هەریەک لەم ڕستانە هێشتا ناڕوونن، ئەم ناڕوونییە بەرەبەرە بە پێی بەرفراوان بوونی ڕەوتی بەکارهێنان لە ڕستەدا، کەم دەبێتەوە.

٣- چەکەکەی سوار کرد، پیاوەکەی سوار کرد، داشەکەی سوارکرد... تاد.

٤- ئاگری گرت، دەستی گرت، هەموو جامەکەی گرت، جێگای خۆی گرت، تاوانبارەکەی گرت، گوللەکە شانی گرت، قین بەرچاوی گرت، ئیشکەساڵی ئەوێشی گرت، لە خۆشیان باڵی گرت... لە ئینگلیزی دا:

“Dead man’; ‘dead duck’; ‘dead silence’; ‘dead ringer’; ‘dead march’; ‘dead eye’; ‘dead end’; ‘dead head’; ‘dead assets’; ‘dead heat’; ‘dead bolt’; ‘dead language’; ‘dead wrong’; ‘dead drunk’; ‘dead tired’; ‘dead boring’; ‘dead set (on)’; ‘the dead of winter.”

٥- تەنانەت ئامرازەکانی پێوەندیش مانایان جێگیر نییە، لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر مانایان دەگۆڕێ وەک: لە باوەشم گرت، لە خۆشیان باڵی گرت، چاکەی ئەوی لە چاودایە، لە تاوان شێت بوو، لە بەری بڕا، هیچی لە باردا نییە، یان ئەو لەسەر بانە، پیاوێکی لەسەرە، تابلێی لەسەرخۆیە، سەری بچێ قسەی ناچێ، سەردارێکی لێهاتووە و... ئامرازەکان لە زمانی ئینگلیزیدا وەک: in , on و of ... تاد.

٦- زۆرجار گیرەک و حاڵەتەکانی ئاماژە، دەبن بە هەڵگری فرەمانایی و بە پێی حاڵەت و شوێنیان لە ڕەوتی ڕستەدا مانای جیاواز بەدەستەوە دەدەن. ئامرازەکانی خاوەنداریەتی، بە تایبەتی گەلێک پێوەندی جیاوازیان هەیە، تەنیا هێندێکیان دەربڕی مانای موڵکایەتین.

ڕاستە ئێمە لێرەدا توانیمان بە باشی ماناکان لێک جیا بکەینەوە. هێندێک کەس نکوڵی لەوە دەکەن و دەڵێن ئەو وشانە، تەنیا بە هۆی تۆن، یان گۆکردنیانە لە ڕەوتی دەق، یان ڕستەکەدا لە مانادا جیاوازن، بەڵام ئەگەر بپرسین ئایا لەو ڕستانەی سەرەوەدا، وشە دیاریکراوەکان پتر لە مانایەکیان هەیە، یان نا؟ ئاشکرایە وەڵامەکەی ئەرێیە، کیتی ئاماژەی بە پیگی پریش و داستانەکانی دەکات کە تایبەتن بە منداڵان. لەوێدا باسی کەسایەتی خزمەتکارێک دەکات بە ناوی ئیمیلیا، کە ناتوانێ لە مانای وشە و دەستەواژەکان بگات:

When asked to ‘dust the furniture’, she uses a powder-puff to spread face powder on the furniture; when required to ‘draw the curtains’, she produces a sketch of them; and when asked to ‘dress the chicken’,she puts a

miniature pair of trousers and shirt on a bird intended for that night’s dinner.

کە پرسیم تۆزی قەنەفەکان پاک بکەرەوە، پۆدرەی بەکارهێنا، کاتێک داوامان کرد پەردەکە بکێشێ، هێلکاری پەردەکەی کێشایەوە، کاتێک وتمان مریشکەکە داپۆشە، باڵندەکەی بە جووتێک شەرواڵ و کراسێک داپۆشی، بە مەبەستی ئامادەکردنی بۆ ژەمی ئێوارە.

دەبینین خزمەتکارەکە تۆز لابردنی سەرقەنەفەکان بە پۆدرە پەخشکردن و کێشانی پەردە بە کێشانی وێنەی پەردە و داپۆشینی باڵندەکە بە شتێکی تر تێگەیشتووە کە هەریەک لەم مانایانە لە مانای میتافۆریی dust و draw و dress هاتوون.

بە داخەوە، بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی ئێمە، هەردوو تیوری جیاوازی مانای پێوانەیی، ڕۆس و کیتی – تەنانەت لێکدانەوەی دوور و درێژی تیوری میتافۆریی بە تایبەتی – ئەوەندە ئاڵۆزن باسکردنیان لێرەدا جێگای نابێتەوە، من تەنیا ئاماژەیەکم پێ کردوون، باشترە خۆتان بەرهەمەکانیان بخوێننەوە، هیوادارم وەک بەشێک لە لایەنی تاریکی فەلسەفەی زمان، چێژتان لەم باسە سنووردارە وەرگرتبێ.

## دەرەنجام

* دیاردەی میتافۆر (خوازە)، لەگەڵ ئەوەشدا باو و بەربڵاوە، کەمتر کەوتووەتە بەر سەرنجی فەیلەسووفان، بەڵام دوو پرسیاری خستووەتە ڕوو:

**یەکەم:** مانای میتافۆریی چییە؟

**دووەم:** چۆن بیسەران لە مانای میتافۆریی دەگەن؟

* زۆربەی تیور داڕێژان بڕوایان وایە، میتافۆر تا ڕادەیەک لێکچوونی نێوان دوو شت، یان دوو حاڵەتە.

* بە بڕوای داڤیتسۆن پاڵنەری بەراوردکردن بە تەواوی هۆکارییە نەک زمانناسیی. بە پێچەوانەوە، بە پێی تیوری وێچوانی سادە (Naive Simile Theory) میتافۆر شێوەیەکی سادەی بەراوردکردنە، ئەم دوو ڕوانگەیە هەردووکیان بە ئاسانی ڕەت کراونەتەوە.

* بە پێی تیوری وێچواندنی وێنایی (Figurative Simile Theory)، میتافۆر وێچواندنێکی سادەیە بە شێوەی وێنایی، ئەم ڕوانگەیە بڕێک لە ڕەخنەکانی سەر تیوری سادەی وێچواندنی تێپەڕاند، نەک هەموویان.

* سیرل ئامرازەکانی گریسی بەکارهێنا بۆ شرۆڤەکردنی مانای میتافۆری لە چوارچێوەی مانای وتەی ئاخێوەردا، ئەمەش تارادەیەک پەسندتر بوو، هاوکات توانی ڕەخنە سەرەکییەکانی سەر ڕوانگەی داڤیتسۆن ڕەت بکاتەوە و پەی بە ماهییەتی مانای میتافۆریی ببات، بەڵام ئەمەش گرفتی تایبەتی خۆی هەیە.

**پەراوێزەکان:**

**1- Philosophy of Language a Contemporary Introduction /Second Edition/ William G. Lycan.ch-14, Metaphor / P175-190**

**(٢) لە بری نموونە ئینگلیزییەکە نموونەی کوردیمان داناوە. وەرگێر**

**3-Davidson, D. (1967a) ?Truth and Meaning p. 31, italics added**
**4- Davidson, D. (1967a) ?Truth and Meaning p. 36, italics added**
**5- Davidson, D. (1967a) ?Truth and Meaning p. 44**
**6- Searle, J. R - 1979b : 106; see also Goodman 1970**
**7- Searle, J. R (1979b) ?Metaphor p. 107**
**8- Searle, J. R (1979b) ?Metaphor p. 108**
**9- Davidson, D. (1978) ?What Metaphors Mean 1978: 29**
**10- Davidson, D. (1978) ?What Metaphors Mean p. 30.**
**11- Davidson, D. (1978) ?What Metaphors Mean. (1978) p. 45**
**12- Davidson, D. (1978) ?What Metaphors Mean p. 39**
**13- Davidson, D. (1978) ?What Metaphors Mean 1979b**
**14- J. R. Searle (1979a) Expression and Meaning. Cambridge: Cambridge University Press. pp. 92?3**
**15- H. P. Grice (1989) Studies in the Way of Words p. 114**
**16 Kittay, E. (1987) Metaphor. Oxford: Clarendon Press p78**
**17- J. R. Searle (1979a) Expression and Meaning. Cambridge: Cambridge University Press p. 121**
**18- Cooper, D. E. (1986) Metaphor. Oxford: Basil Blackwell p. 73**
**19- Cooper, D. E. (1986) Metaphor. Oxford: Basil Blackwell p. 264**

سەرچاوە:

**Philosophy of Language, W. Lycan, chp. 14 - Metaphor. The darken side of Language, P.172.**